سێ هاوڵاتی سویدی لە باشووری وڵاتی فەڕەنسا دەستگیرکران

سێ هاوڵاتی سویدی لە باشووری فەڕەنسا دەستگیرکران و بڕیاری ڕۆژنامەی ئێفتونبلادێت، یەکێک لەو کەسانە گومانی ئەوەی لێدەکرێت کە پەیوەندی بە تۆڕێکی تیرۆریستی هەبێت لە ستۆکهۆڵم و دووانەی دیکە پەیوەندییان بە تاوانی گەورەوە هەبووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی سویدی، گومانلێکراوەکان بە بڕگەنامە و ناسنامەی ساختەوە لە باشووری فەڕەنسا دەستگیرکراون، بەڵام تا ئێستا هیچ وردەکارییەکی دیکە لەسەر دەستگیرکردنەکە لەبەردەستدا نییە.

بەگوێرەی ڕۆژنامەکە، ئەو سێ هاوڵاتی سویدیە تەمەنیان لە بیست ساڵیدا بووە و پێشتر بە تاوانی تووندوتیژی و ماددەی هۆشبەر تاوانبارکرابوو و دەستگیر کران.

بەگوێرەی زانیارییەکان، یەکێک لە دەستگیر کراوەکان سەر بە تۆڕێکی تاوانکاری بووە لە شاری ستۆکهۆڵم-ی سویدی و لەم دواییانەدا ئازادکرا دوای ئەوەی بە تاوانی ماددەی هۆشبەر و چەکی بە مەترسی دەستگیر کرابوو.